# حوکمی قەرەقوش بە دەستوور

**ئەمجەد غەفور**

**(عوسمان حاجی مارف)**

ghafur@ukonline.co.uk

داستانەکانی قەرەقوش واقعی بن یا خەیالی، وەك رەمزی زولمو زۆرداریو نمونەی دکتاتۆرەکان گیردراوەتەوە، کە ئەوپەری بێ ئعتباریی و بێ حورمەتیە بە ئینسانیەت. نمونە هینانەوەیە بۆ دەسەلاتدارانیك کە پەیرەویان لە هیچ دەستوورو یاساو ئوسلو نیزامیك نەکردووە کە شایانی بەشەریەت بێت، لەکاتی بەریوە بردنی حوکمرانیاندا هەرچییەك بەخەیالیاندا هاتووە ئەو پەری زۆرداریو سەرکوتی خەلکیو مل پەراندنیان جێبەجێکردووە.

نمونەی ئەم قەرەقوشانە لە جیهاندا زۆرن لە بابەتی هیتلەر، مۆسۆلۆنی، چاوچیسکۆ، بۆل پۆت، خومەینی، صدام حسین، تا تالیبانو بن لادن...، کە بێ بەهاترینو کەمتیرن ریز لایان ئینسانو ژیانی ئینسان بووە، لەناوچونی هەزاران ئنسان لە ئاوخواردنەوە ئاسانتر بووە بۆیان..

بەلام رادەی زالمی ئەو قەرەقوشانە مەسەلەیەکی سایکۆلۆجیو حەزو خۆشی کەسەکان نیە، وەك ئەوەی هەندیك لە نووسەرانی ئایدیالستی شی دەکەنەوە ، بەلکو زادە و بەرهەم هینانی ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتیانە کە عەقیدەو نەتەوە پەرستی دەکەنە مەسەلەیکی پیرۆزو دەبیت ئیسنان بیان پەرستێو مل کەچیان بیت.

کاتیك هەر عەقیدەو بیرو بۆچونیك وەك مەسەلەیەکی موقەدەسو ئەوەل رادەگەینرێتو دەسەپینرێت، ئاشکرایە دەبێتە مایەی دژایەتی کردنی هەر عەقیدەو بیرواو بۆچونێکی تری بەرامبەری، دەبیتە مایەی کارەساتو دەردی سەریو ئاشوبو ئاژاوە.

صدام حسین لەبەر ئەوەی نوینەرو رەمزی نەتەوەپەرستی عروبە بوو، وا بووە ئەو درندە بێ وێنەیە، بە ئایدۆلۆژی بەعسیەتو عەرەبایەتیەکەی بوو عیراقی کردە زیندانو دۆزەخ بۆ خەلکی عیراق، ئیسلامی سیاسی بوو کە پەیامی بە جێهێنانی 11سیپتمبەری سپارد بە بن لادنو ئەفغانستانی بەدەستی تالەبانیەکان کردە مەنجەنیق.

ئازادی سیاسی، ئازادی ئنسانەکان، دەورو ئیرادەی ئینسان، ئینسانیەتو مافی ئینسان، ئازادی بیرورا لە سەپاندنی هەر ئایدۆلۆژیو عەقیدەیەکدا دەبنە ژیر دەستو پێوەو تیرۆر دەکرین، بە تانكو فرۆکە تۆب بارانو دەستریژ دەکرێنو ناهیلن سەر دەربهێنن.

سەپاندنی هەر عەقیدەیەك بەسەر خەلکیدا لە هەر هیزو لایەنیکی سیاسیەوە بیت، سەر بەهەر بزووتنەوەیك بیت، روخسارێکی دێزو بۆگەناویە، ژیانی بەشەریەت ناشرین دەکاتو کارەساتی بەردەوام بەدوای خویدا دەهینێت. دەرگیری خەلکی عیراق لە بەرامبەر دەسەلاتی بۆگەنی صدام حسیندا لە بۆگەنی نەتەوەپەرستی عەرەبایەتیو بەعسیەتەوە بوو، هەتا عەرەبایەتی تۆخ کردایەتەوە ئاگری دۆزەخەکەی داختر دەبوو، کاتێ صدام پەنای برد بۆ ئیسلامی سیاسیو (الله اکبر)ی دا لە ئالای عیراق، ئاسمانی عیراقی تەواو رەشکرد.

کیشەی ئەسلی سەپاندنی عەقیدەو مەزهەبو نەتەوەپەرستیو موقدەس کردنو بەرەسمیەت ناسینێتی لە دەستووری دەولەتدا، کە نابێت قەبول بکرێتو دەبیت ئەوانە پوچ کرێنەوە، لە دەولەتو تەعلیم دورخرینەوە، تەنها ببنە مەسەلەیەکی شەخسی. دەولەت دەبێت غەیرە قەومیو غەیرە دینی بێت، گەر وەها نەبیت هەمیشە قەرەقوشەکان دەسەلاتیان ئەبێتو ژیانی خەلکی هەراسان دەکەن.

لە رەشنوسی دەستووری ئیستای عراقدا نوسراوە (لە ماددەی دووەم: بەشی یەکەم: ئیسلام ئاینی رەسمی دەولەتەو سەرچاوەی بنەرەتی تەشریعە. ئەلف: نابیت یاسایەك دابریژریت دژی حوکمە جیگیرەکانی ئیسلام بێت.)

ئەمە زەنگی مەترسیەکی گەورەی ترە، کە رەشنوسی دەستووری عیراق پیمان رادەگەیەنیت، خەریکە بە ریکەوتنی هیزە کۆنەپەرستەکان، نەتەوەپەرستانو ئیسلامی سیاسی، حوکمی قەرەقوشەکان دەکەنە دەستوورو لەسەر تەختی دەسەلاتی سیاسی لە عیراقدا دایان دەمزرێنن، کە بە مل کەچی بونیان بۆ دەولەتی ئەمریکاو ملهوری بە خەلکی عیراق دەولەتی دژی ئینسانیەت دروست دەکەن.

کاتێ داریژەرانی دەستوور، ئیسلام دەکەنە ئاینی رەسمی دەولەتو سەرچاوەی بنەرەتی تەشریع، ئیتر هەر شتیکی تر بەدوای ئەودا بنوسریت پوچەو بێ مانایە، بە تایبەتی کە وەها تۆخی دەکەنەوە(نابیت یاسایەك دابریژریت دژی حوکمە بنەرەتیکانی ئیسلام بیت)، واتە یەکسانی ژنانو پیاوان قەدەغەیە، عیلمانیەت جەریمەیە، دژی حوکمی ئیعدام ناشەرعیە، مافی ئینسان کفرە، گەر دەورو ئیرادەی ئینسان بێتە مەیدان دنیا ئاخر دەبیت، جیابونەوەی کوردستان وەك مەشروباتی کحولی حەرامەو خەلکی کوردستان لە بری بریار لەسەر چارەنوسی خۆیان، دەبیت چاوەرێ بن لەو دنیا شەرابی تەهور بنوشن.

ئەمەیە نمونەی دەستووری دژی ئینسانی کە حیزبەکانی کوردایەتی بە شانوبالیا هەلئەدەنوپێی رازینو بانگەوازی خەلکی دەکەن دەنگی پێ بدەن، داوا دەکەن خەلکینە وەرن رەسمیەت بە دەسەلاتی قەرەقوشە ئیسلامیەکان بدەن، تا دوای روخانی صدامو بەعسیەکان زەلیل ترو داماوترین، ئەم جارە دەسەلاتی سیاسی لە عیراقدا بە ریکەوتنی نیوان نوینەرانی کوردایەتیو ئیسلامی سیاسیو عروبەو بە زەبری هیزەکانی دەولەتی ئەمریکا لە ریگەی دەستووریکەوە کە خەلك بچن دەنگی پێ بدەن حوکمی قەرەقوشی دەسەپێنین.

دەبێ ریگە نەدەین ئەم دەستوورە بەناوی ئیمەوە رەسمیەت وەرگرێت، ریگەی دژ وەستانەوەو بەرد باران کردنی ئەم دەستوورە بگرینە بەر، فرسەت بە هیچ قەرەقوشیك نەدەین دەولەت لە عیراقدا دروست کات، ریگەمان هینانو پەسەند کردنی دەستوورێکە دابینی پیکهینانی دەولەتیکی غەیرە قەومیو غەیرە دینی بکات.